cyan magenta yellow black File: P.7



# شەهیدبوون لەپێناوی نیشتماندا
# شەهید مەجید محەمەد



# شەهیدی داستانی مەحمودیە دژی حەشدی شەعبی

**خەبات:تریفە ئازاد**

بەگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان هەمیشە بە قوربانیدان بووە هەمیشە گەلی کورد خوێنی بۆ ڕشتووەم گەلی کورد بە بەخشینی خوێنی شەهیدان سەدان دەستکەوتی مەزنی بەدەست هێناوە، پاراستنی دەستکەوتەکانیش بۆ ئەمرۆ سبەی قوربانیدانی زیاتری پێویستە، هێزەکانی پێشمەرگە لە گشت میحوەرەکان سینگی خۆیان کردۆتە قەلغان بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان چل ڕۆژ بەر لە ئەمرۆ لە داستانێکی بێ وێنەدا لە میحوەری مەحمودیە شەهید مەجید محەمەد گیانی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لەم یادە رۆژنامەی خەبات بنەماڵەی شەهیدی بەسەرکردەوە.

## شەهید پشت و پەنای من بوو کەسایەتی شەهید

ئەستمە بۆ باوکێک بتوانێ قسە لەسەر شەهیدبوونی ڕۆڵەکەی بکات و بیرەوەرییەکانی بخاتە سەرە لاپەرەی ڕۆژنامە محەمەد مەجید باوکی شەهید مەجید لە بارەی کەسایەتی و ڕۆڵی شەهید مەجید لە چلەی شەهید لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەسەرتا دا من شانازی بە وە دەکەم کە یەکێک لە کورەکانم گیانی پێشکەشی کوردو کوردستان کرد وە بەڵێن دووپات دەکەینەوە کەلەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بەردەوام دەبین کە بەردەوام بووینە، گەر بچینە سەرباس و خواسی شەهید مەجید وەکو کورو باوکایەتی ناتوانم بەهیچ شێوەیەک باس لە شەهید مەجید بکەم چونکە ناوبراو هەم کور و هەمیش پشت و پەنام بوو لە رایی کردنی سەرجەم کارەکانی ڕۆژانە شەهید لە کاتەکانی کەلە دەوام خزمەتی نیشتمانی دەکرد و لە دابەزین پشوودانـدا دەهاتەوە گوند بۆ ڕاپەراندنی کارەکانم هەمیشە هاوکارم بووە هیچ کاتێک نەبوتە مایەی ئازار و ناوخۆشی بۆ من هەمیشە مایەیی خۆشبەختی خۆشگوزاری بووە، من هیوادارم خوای گەورە پلەی شەهید بوونی پێ بەخشیبێتن چونکە لە پێناوی داگیرنەکردنی ولات گیانی سپاردووە.



## هەمیشە چاو لە دەرگام کە بێتەوە

ئالان سەباح هاوسەری شەهید لە بارەی شەهید بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئێمە لە بەرواری 2/ 4/ 2010 ژیانی هاوسەریمان لەگەڵ شەهید پێکهێناوە شەهید مەجید هەمیشە مایەیی خۆش بەختی بووە، بۆ من هەموو لابەری خەمەکان ئازاری من بوو هیچ کاتێک وای نەکردووە من هەست بە بێزاری تەنیای بکەم، هەمیشە لە کاتە ناوخۆشەکان دڵنەوایی سێبوری بووە بۆ من و لە کاتە خۆشەکانیش مایەی خۆش بەختی من بوو، ئێمە وەکو هاوسەری یەکترژیانمان ئاسایی بوو خاوەنی دوو منالی چاوگەش بە ناوەکانی (لیا، لیهات)، هەمیشە ئاواتمان بۆ ژیانێک ی خۆشتر و تەمەن درێژیان بۆ یەکتر لە خوای گەروە دەخواست ئاوات گەلێکمان بۆ منالەکانمان هەبوو بەلام لە پێناو ئازادی وڵات و سەربەخۆی کوردستان شەهید ئاواتەکانی هاوتای خۆی کردە گۆڕ، هەمیشە شەهید مەجید لیا و لیهاتی بە کوردستان و ئالای کوردستان ئاشنا دەکرد و هەمیشە باسی خۆشەویستی نیشتمانی بۆ دەکردن بە ئاواتی بینینی دەولەتی کوردی بوو لەسەر دەستی بارزانی ، شەهید مەجید لە کۆتای جاری ڕۆیشتنی بۆ ئەرکی پێشمەرگایەتی مالئاوایەکی لە پەنا پەردەیی لێکردین ژیانە تایبەتیەکەی خۆی بۆ ئاشکرا کردین و بە دلێکی سارد دەرگای مالی لەسەر داختین. بەلام من باوەر ناکەم کە هاوسەرەکەم شەهید بوویێتن چونکە هەمیشە چاوم لە دەرگایە بگرێتەوە گوچکەکانم قولاغ کردون بۆ زەنگی مۆبایلەکەی کە جاران پێش گەرانەوە دەیگوت وا بەرێکەوتم. بۆیە بۆ هەمیشەیی من دەبم کەسێکی چاوەڕوان کراو.

## ئاواتی سەرکەوتنی کوردستان بوو

سەمیر محەمەد هەم براو هەمیش هاوسەنگەر بوون پێکەوە لە سەنگەری بەرگری لە بارەی شەهید بوونی براکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: من برا گەورە شەهید مەجیدم ناو براو هەمیشە ڕیز و ئەدبێکی هەبوو بەرامبەرم بەم هۆییەوە بەلام ڕۆژێک لە ژیانم نەبووە کە کارێکی نەشیاو بکاتن تا بتوانم بەهۆی براگەورایەتیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەم چونکە خۆی کەسێکی باش و تێگەیشتوو بوو، چوار ساڵ بەر لە ئەمرۆ کە بۆ هەمیشە لە ماڵ و لە ئەرکی نیشتمانپەروەریمان بە یەکەوە بووین تا ئە وساتەی کە شەهید بوو، بەلام هیچ کاتێک هەستمان بە بێزاری یەکتر نەکردووە، ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم بوێری ئازایەتی و چاو نەترسی کاکە مەجیدمە بەشاهێدی هەموو هاوسەنگەرانی شەهیدی جوانەمەرگە هیچ کاتێک خۆدزینەوە و خۆ شاردنەوە لە هیچ شەرێک و ئەرکێکی یاسایی نەیبووە، شەهیدی جوانەمەرگ خۆی لە بەشی چاککردنەوە (فیتەر) بووە ئەگەرچی شوێنی ئەوان خالی داوەی بەرگرییە، بەلام شەهیدی جوانەمەرگ هەمیشە لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی لە خالی پێشەوە بووە تا ئەو کاتەی کە شەهید بوو لە خالی پێشەوەی شەردا بوو لە شەرەکانی داعش نەگریس و حەشدی داگیرکار هەمیشە بەژداری لەگەلمان دا کردووە دەورێکی چالاکی هەبووە، تەنانەت لە کاتی تەقینەوە و قەسف کردنی بریندارەکانی هاوسەنگەری بە کۆلە پشت و سەیارە گواستۆتەوە بۆ بنکەکانی چارەسەر کردن. جوانە مەرگ هەمیشە ئاواتی سەرکەوتنی کوردستان بووە.

## ژیان نامەی شەهید

مەجید محەمەد مەجید نەجیم زراری لە گوندی (سولێ)ی لە بەرواری 13 / 12 /1986 لە دەڤەری زرارەتی نزیک شارۆچکەی پیرمام لە بنەمالەیەکی کورد پەروەر و پارتیزان لەدایکبووە ، باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، شەهیدی نەمر لە سالی 1992 چوتە بەرخوێندن لە گوندەکەیان تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی دواتر وازی هێناوە خەریکی بژێوی ژیانیان بووە لەگەل باوک و برایەکانی لە گوند تاتەمەنی شەهید بۆتە 18 ساڵ دەستی دایە تفەنگی شەرەف و کەرامەت بۆ درێژە پێدەری ریبازی بارزانی و ڕێبازی کوردایەتی لەسەرەتایی بوونی بە پێشمەرگە لە فەرماندەیی سەفین بۆ تەهەلگری ناوی پێشمەرگە تاکو سالی 2005 پاشان لە هێزی تایبەتی بەرێز (شێخ رەوان ئیدریس بارزانی) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە دواتر گواستراوەتەوە بۆ لە شکری تایبەتی گوڵان لە بەرواری 2 / 4 /2010 ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە کە خاوەنی کچ و کورێکە بەناوەکانی (لیا خان و کاکە لیهات). شەهیدی نەمر لە هەموو شەرەکانی دژی چەتەکانی داعش هاورێ لەگەڵ هەردوو براکەی تری بەژداری کردووە دەورێکی کاریگەری هەبووە بە شاهیدی هاوسەنگەرەکانی گواستنەوەی برا پێشمەرگە بریندارەکانی بە کۆلەپشت بۆ مەبەستی چارەسەرکردنیان لە خالەکانی پشتەوەی بەرگری کە ئەم وێنەیەش لە سۆشیال میدیا دەورێکی بەرچاوی هەبووە. شەهید مەجید هەمووکات جێی بڕواو متمانەی دۆست و برادەر و فەرماندەکانی بووە، لەدوایین ساتەکانی ژیانی لەشەڕی بەرپەرچدانەوەی داگیرکەرانی کوردستان حەشدی شعبی بۆ سنوری ڕبیعە و محمودیە چەند برینداریکی گواستۆتەوە بۆ بەرەکانی پشتەوە. بەداخەوە لە دوا سات و دوا هێرشەکانی حەشد و بەرگریەکی بێ وێنە لە ڕۆژی سێ شەممە بەرواری 24/ 10/ 2017 لە محیوەری محمودیە سەر بەناحیەیی ربیعە گیانی پاکی بەخاکی کوردستان بەخشی و چووە کاروانی شەهیدان.



# کوردستان لە میدیای جیهاندا




**ڕێبوار حەمەلاو شوانی**

## عێراق و کوردستان، دیپلۆماسیەتی پەیوەندی تەلەفۆنی ڕێگری لە پێکدادانی نوێ دەکات
## Newyorktimes

مەنسوور بارزانی، کوڕی مەسعوود بارزانی سەرکردەی لەمێژینەی کوردستان، فەرماندەیی هێزێکی دەستەبژێری ئەمنیی کوردستان دەکات و بەرگری لە مێحورێکی نێوان یەکینەیەکی تۆپخانەکانی عێراق و سنووری فیشخابوور دەکات. هەفتەی رابردوو، ئەو تا مردن جەنگ دەکات نەک ڕێگە بە هێزەکانی عێراق دەدات کە خاڵە سنووریەکان کۆنترۆڵ بکات. هاوکات، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشگیری لە دانووستان لەگەڵ بەغدا دەکات. سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، ئاساییە کاتێک تەنگژە لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت و پێکدادانی سەربازی روو دەدەن، پێویستە هەمیشە ئەم تەنگژانە هێور بکرێنەوە. بەگوتەی دزەیی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەرێگەی کەناڵی جیاجیاوە، پێداگیری لەسەر ئەم جۆرە پەیوەندیانە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەکات چونکە ئەم گفتوگۆیانە یارمەتیدەرن بۆ هێنانەکایەی تێگەیشتن و متمانە.

## پشتگیری گرووپی تازەی جوولەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان
## Jewish Telegraphic Agency

چەندین جووی دیار لە ئەورووپا و باکووری ئەمەریکا چوونە پاڵ ڕێکخراوێک کە پشتگیری لە بەهێزکردنی دۆستایەتی جوو - کورد و سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دەکەن. ڕۆژی هەینی، بێرنارد هێنری لێڤی، فەیلەسووفی جوولەکەی فەرەنسا و پاڵپشتیکاری لە مێژینەی سەربەخۆیی کوردستان بەشداری لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆیی بەشداری لە بارەگاکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بە فیلمە دوکیۆمێنتاریەکەی بەناوی پێشمەرگە دەکات. روبینفیلد، سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆنی کۆمەڵانی قسەکەرانی جووی فەرەنسی لە بەلژیکا باسی لە گرووپێکی پشتیوانی کورد لە ئیسرائیل دەکات بەشداری لە کۆنفرانسێک سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان لە پەرلەمانی ئیسرائیل دەکات.

## ناکۆکی کورد و بەغدا لەسەر دەستوور
## San Francisco Chronicle

تەنگژەکانی نێوان هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر خاڵە سنووریەکان بەردەوامن ئەویش دوای ئەوەی کە هێزە عێراقیەکان شاری دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکوکیان بە هاوکاری ئێران لە دەستی پێشمەرگە دەرهێنا. حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێی وایە کە دەبێت کۆنترۆڵی خاڵە سنووریەکان بەدەستی دەسەڵاتی فیدراڵی بێت، بەڵام هەرێمی کوردستان بۆچوونی جیاوازە و پێداگیری لەسەر ئەوەی کردووە کە پێش دوو هەزار و سێ، کۆنترۆڵی خاڵە سنووریەکان بەدەستی کوردەوە بووە و هەر دەبێت وا بمێنێتەوە، هەروەها تا ئێستا عێراق پتر لە پەنجا و پێنج ماددەی دەستووری پێشێڵ کردووە، لەکاتێکدا باسی سەپاندنی دەسەڵاتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستوور دەکات. کوردیش جەختی لەسەر دەستوور کردۆتەوە کە دەبێت حاکم بێت کێ زیاتر دەستووری عێراقی پێشێڵ کردووە.

## بابەتی ناردنی 365 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان
## STRATFOR

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری وەرگرتنی سێ سەد و شەست و پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی قبوڵ دەکات کە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تەرخان کراوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی بی بی سی مۆنیتۆرینگ، ئەم بڕەپارەیە لە بودجەی دوو هەزار و هەژدەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخان کراوە. پارساڵیش ئەمەریکا لە چوارچێوەی بودجەی دارایی خۆی چوار سەد و پازدە ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە تەرخان کرد. هەرێمی کوردستان لە ئەدای ئەمەریکا نیگەرانە کە لەکاتی هێرشی عێراق بە هاوکاری ئێران و میلیشا شیعەکان و باڵێکی چەکداری نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، شاری دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکوک کۆنترۆڵ کرا.هەروەها هەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی بیست و پێنجی ئەیلوولی ئەمساڵەوە، پەویەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان وەکو جاران نییە.

## قوربانیدانی گەلی کوردستان لە عێراق
## The Daily Caller

جیهان سوپاسگوزاری خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بۆ ئەوە قارەمانێتیەی لە شەڕی تێکشکانی داعشیان هەبووە و توانیویان بە بەرخۆدانی خۆیان شاری کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لە دەستی داعش بپارێزن. بەواتایەکی دیکە ئەوە پێشمەرگە بووە کە بە بەرگری خۆی کەرکووکی لە قەتلوعام پاراست و داعشی تێکشاند. ئێستا کە داعش نەماوە، سوپاسگوزاری جیهان بۆ پشتگیری کردنی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراق نەگۆڕاوە. هەر ئەو کاتەی کە من ئەفسەرێکی پایەرزی دژە تیرۆر بووم لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق، من پشتگیریەکی سەرسەختی گەلی کوردستان و پێشمەرگە بووم. پشتگیری کورد بۆ ئەمەریکا و سەقامگیرکردنی عێراق وای لێکردم کە گرنگی زیاتر بە باشوور و ڕۆژئاوای عێراق بدەم.

## بۆچی کورد شایەنی دەوڵەتی سەربەخۆیە؟
## The Daily Campus

گەلی کوردستان لە کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان دژی حکوومەتی عێراق شۆڕشی کرد و لە هەزار و نۆ سەد و نەوەد و یەک حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند. لە دوای رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە دوو هەزار و سێ، سەرکردایەتی کوردستان بەشداری لە حکوومەتی تازەی فیدراڵی عێراق کرد، بەڵام پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر پڕ بووە لە ناکۆکی و مشتومڕ. کورد چەندین ئەزموونی کوشتنی بەکۆمەڵ، بوردومان و زیندانیکردنی بەکۆمەڵ لە ماوەی سەدەی بیست بەخۆیەوە بینی کە روون دەکات بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان خوازیارن عێراقی فیدراڵ و یەکگرتوو بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەیەکدا گەمارۆ دراوە. عێراق پشکی سەدا حەڤدەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقی بڕیوە کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆ دانراوە. هەروەها بەغدا بە بەردەوامی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەبری دیالۆگ بۆ چارەسەکردنی کێشەکان کردووە. هەروەها پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکی لە تێکشکانی داعش بینیوە.